# ئەگەر الله بەندەیەکی خۆش بوێت، بانگی جبریل دەكات: فڵانم خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، بۆیە جبریلیش خۆشی دەوێت

له ئه‌بی هوره‌یره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئەگەر الله بەندەیەکی خۆش بوێت، بانگی جبریل دەكات: فڵانم خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، بۆیە جبریلیش خۆشی دەوێت، و(جبریل) لە نێو ئاسماندا بانگ دەكات: الله فڵانی خۆشدەوێت، ئێوەیش خۆشتان بوێ، بۆیە نیشتەجێبووانی ئاسمانیش خۆشیان دەوێ، وپاشان ڕەزامەندی^ پێدەبەخشرێت لەسەر زەویدا، وئەگەر الله ڕقی لە بەندەیەک بێتەوە، بانگی جبریل دەكات ودەفەرموێت: من ڕقم لە فڵانە، تۆیش ڕقت لێی بێتەوە، بۆیە جبریلیش ڕقی لێی دەبێتەوە، پاشان بانگی نیشتەجێبووانی ئاسمان دەکات: الله ڕقی لە فڵانە، ئێوەیش ڕقتان لێی بێتەوە، وپاشان تووشی ڕق لێبوونەوە^^ دەبێت لەسەر زەویدا». ^(ڕەزامەندی: مەبەست لە ڕەزامەندی لێرەدا خۆشەویستی کەسانی ئیمانداری چاکە بۆ ئەو کەسە)، ^^(ڕق لێبوون: واتا کەسانی ئیمانداری چاک ڕقیان لەم کەسە دەبێـتەوە

[سەحیح - ڕاست)] [صحيح مسلم)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر الله بەندەیەکی ئیمانداری خۆش بوێت کە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات وخۆی لە نەهی لێکراوە بە دوور دەگرێت، پەروەردگار بانگی جبریل دەكات: الله فڵانی خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ. جبریلیش خۆشی دەوێت کە گەورەی فریشتەکانە -عليه السلام-، وجبریل لە نێو فریشتەکانی ئاسماندا بانگ دەكات: پەروەردگارتان فڵانی خۆشدەوێت؛ ئێوەیش خۆشتان بوێ، بۆیە نیشتەجێبووانی ئاسمانیش خۆشیان دەوێ، وپاشان قبوڵبوونی پێدەبەخشرێت لە دڵی ئیمانداراندا بە خۆشویستنی ونزیك بوونەوە ورازیبوون لێی. وئەگەر الله ڕقی لە بەندەیەک بێتەوە، بانگی جبریل دەكات ودەفەرموێت: من ڕقم لە فڵانە، تۆیش ڕقت لێی بێتەوە، بۆیە جبریلیش ڕقی لێی دەبێتەوە، پاشان جبریل بانگی نیشتەجێبووانی ئاسمان دەکات: پەروەردگارتان ڕقی لە فڵانە، ئێوەیش ڕقتان لێی بێتەوە، وپاشان تووشی کینە ورق لێبوونەوە دەبێت لە دڵی ئیمانداراندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6458